ڕێگاکانی گۆڕانکاری لە ڕەنگی جلوبەرگ

Dégradé، دەستەواژەیەکی فەڕەنسییە، بە مانای تێکەڵکردن و گۆڕانکاری لە ڕەنگەکان دێت، لە میانی گۆڕینی ڕەنگەکان لە ئێوان تاریك بۆ کراوە، یان ڕووناك بەرەو ڕەنگی تۆخ، هەروەکو لە ڕەنگەکانی تیشکی خۆرەوە پێمان دەگات. لە وەرزی بەهاری ئەمساڵەوە، هەر یەکە لە (ئۆسکار دی لارێنتا و فێرناندۆ گارسیا)، چەندین ڕێنمایی و ئاموژگارییان لە بارەی گۆڕینی ڕەنگەکان داوە، کە بەم جۆرەن: لە کاتی بۆنە و ئاهەنگەکاندا، هەوڵبدە ڕەنگەکانی، پەمەیی، سوور، سپی و ڕەش، وەنەوشەویی، بێژشیت، چونکە ئەو ڕەنگانە مایەی ڕەنگدانەوەن و بریقەدارن، هەر بۆیە زیاتر گەشاوەتر دەردەکەویت. بۆ گەڕان و بازاڕی و دەرچوون، هەوڵبدە ڕەنگەکانی سەوز، زەرد، قاوەیی، شەکەری، پیازی لەبەر بکەیت، بەهۆی ئەوەی ڕەنگی سەرنجڕاکێشن و لە دووڕەوە دیار دەبن. هەروەها بۆ کاتی سەرکار و دەوام، هەوڵبدە ڕەنگەکانی سپی و ڕەش و ڕەساسی و شین و خاکی و پەمەیی بێژشێت. لە بارەی گۆڕانکاری لە ڕەنگی جلەکانەوە، بۆ نموونە ئەگەر دوو دەستە جلت لە هەمان ڕەنگ هەبوو، دەتوانیت پارچەی سەرەوەی دەستە جلێك لەگەڵ پارچەی خوارەوەی دەستە جلەکەی دیکە شیك بکەیت و لەبەریان بکەیت.

هونەری ناندێن و شێ

زۆربەی خەڵك حەز و خولیای بە خواردنە، کاتێك دەگەنە سەر سفرەی ناندێن، هەر بە خێرایی و لە ماوەیەکی کەمدا زۆرترین خواردن نۆش دەکات و هەڵدەستێ، پسپۆڕانی خواردن و خواردنەوە دەڵێن: پێویستە مرۆڤ چێژ لە کاتی ناندێن و نۆشکردنی خواردنەکان وەربگرێت، چونکە لە کاتی نانخواردن ئەگەر هەست و دەروونت ئارام و خۆش نەبێت، تام و چێژ لە خواردنەکەت ناکەیت، لە مانگی ڕەمەزانیشدا، لە کاتی بانگی ئێوارەوە، زۆربەی خەڵك بە پەلە پەل نانەکە دەخوات، بەمەش هەم شێوازی ئەتەکێتی خواردن تێکدەدات و هەروەها زیانی بۆ تەندروستیش هەیە، ڕەنگە بگوترێت کە برسی و تێنیوتی، هەر بۆیە لە کەمترین ماوە زۆرترین خواردن دەخوردرێت، بۆیە پێویستە دایکان

جانتای سەر ناوقەد و کەمەربەند

مۆدی جانتای کەمەبەرند، لە ساڵانی نەوەدەکانەوە باو بوو، ئێستا ئەو مۆدە گەڕاوەتەوە و بۆتەوە یەکێك لە ئێکسسوارە جوانەکان. جانتا، یەکێکە لەو کەرەستە سەرەکی و پێویستییانەی کە هەمیشە هاوەڵی ئافرەتانە، جگە لەوەی کۆگایەکە بۆ هەڵگرتنی کەلوپەلە بچووکەکان، هەروەها کەرەستەیەکە بۆ رازاندنەوە و جوانکاری، جانتا بە چەندین شێواز هەڵدەگیرێت، هەندێکیان دەخرێنە بن پاڵ، بەشێکی دیکە بە دەست و جۆرێکی دیکەش دەکەونە سەر کەمەر، دواهەمینیان بە مۆدی جانتای کەمەربەند ناسراوە، قایشەکەی لەسەر شانەکانەوە دەبێت و جانتاکەش دەکەوێتە سەر کەمەر، یان بە تەواوی لەسەر کەمەر دەبەسترێت، ئەو شێوازە بە مۆدی ئەستێرەکان ناسراوە، کاتێك لە شوێنەگشتییەکاندا خەریکی شت کڕین و گەڕانن، هەمیشە جانتاکانیان بەم شێوەیە دەبەستن. کیندال گینەر، یەکێکە لە نمایشکارانی جلوبەرگ دەڵێ: جانتای کەمەر و بن پاڵ، یەکێکە لە جوانترین و خۆشترین شێوازەکانی هەڵگرتنی جانتا، کە بە هیچ شێوەیەك بێزار و ئەزیەتی خاوەنەکەی نادات، هەروەها دیمەنێکی جوانیشی دەبێت ئەگەر لەگەڵ تیشێرت و کراسی درێژ بکەوێتە سەر کەمەر، یان لەسەر کەمەر ببەسترێت.

شێوازی نۆشکردنی خواردن

و باوکان، منداڵەکانیان فێری هونەری ناندێن و شێوازی نۆشکردنی خواردن بکەن، تا ئەوانیش بە ئەتەکێتێکی ناوازە و هونەرێکی ناندێنی تەندروست خواردنەکانیان نۆش بکەن، پسپۆرێکی خواردن بە ناوی (قەتیبە موحیەسن) دەڵێ: پێویستە لە کاتی نانخواردن هەر (٥) هەستەوەرەکەی مرۆڤ کار بکات، واتە کاتێك بۆنی خواردنەکە دەکەیت و تام و چێژیش لە دەم و بە چاویش سەیر بکەی و دەستیشت پێی بکەویت، دواهەمین هەستەوەری مرۆڤ کە گوێچەکەیە، لێردا ئەو پسپۆرە دەڵێ: با خواردنەکان لە نێو کەرەستەی شووشەوە بن، کە هەم بۆ تەندروستی بەسوودە و هەمیش دەنگی قاپ و قاچاغەکان، لە گوێچکەی کەسەکان بزرینگێتەوە تا تام و چێژ لە خواردنەکانەوە ببینن.

زەبەڵاحەترین چەرخ و فەلەکی شاری یاری

دروستکردنی گەورەترین و خۆشترین شاری یاری بۆتە پێشبڕکێیەکی کۆتایی نەهاتوو لە نێوان زۆربەی وڵاتانی جیهان، هەروەها دانانی گەورەترین و سەیرترین و ترساناکترین یارییەکان لە شاری یاری یەکێکە لەو پێشکەوتنانەی کە ئەندازیاری میکانیك پەرەی پێدەدات، دواجار گەورەترین و زەبەڵاحترین یاری چەرخ و فەلەك لە جیهان دەستنیشان کرا، ئەو چەرخ و فەلەکە دەکەوێتە بەر دەرکی پارکی (پراتەر لە ناوچەی یۆبۆڵدشتات) لە شاری ڤیەنای پایتەخی وڵاتی نەمسا، کە لە ساڵی (١٨٩٧) و لە سەردەمی ئیمپراتۆر (فرانس جۆزێف) دروستکراوە، ئەو چەرخ و فەلەکە لەساڵی (١٩٤٤) تووشی رووداوێکی ئاگرکەوتنەوە بوو، دواتر لە ساڵی (١٩٤٧) چاککرایەوە، تا ساڵی (٢٠٠٢) کە کاری پێشکەوتن و چاککردنی زیاتری بۆ کرا، بەرزییەکی دەگاتە (٦٤) مەتر، لە (١٥) یەکە پێکدێت، هەر یەکەیەکی (٥) مەتر درێژ و (٣) مەتر پانە.

هاوشێوەی ئەلبێرت ئەنیشتاین

ئەنیشتاین، ئەو زانا بەناوبانگە ئەڵمانییەی کە لە ساڵی (١٨٧٩) لە دایکبووە و لە ساڵی (١٩٥٥) کۆچی دوایی کردووە، کەچی ئێستا هاوشێوەکەی دەرکەوتووە کە منداڵێکە لە ویلایەتی شیکاگۆی ئەمریکا دەژی، ئەو منداڵە کچە ناوی (تایلۆر ماکگاون)ە، شێوەی قژی هەمان شێوەی سەر و پرچی ئەنیشتاینە، ئەو منداڵە تەمەنی (٥) ساڵە، لە تەمەنی (٧) مانگیدا، قژی سپی زەرد بووە و پاشان ڕەنگی گۆڕاوە بۆ سپی، کە هەمان ئەو ڕەنگەی لە قژی ئەنیشتاندا هەبووە، حاڵەتی ئەو منداڵە بە (Pili trianguli et canaliculi)، کە حاڵەتێکە تا ئێستا (١٠٢) کەس بەم نەخۆشییە گەیشتوون، هۆکارەکەش بریتییە لە کێشە لە ماددە جیینەکانی (PADI3 وTGM3 وTCHH)، دوای پشکنین بۆیان دەرکەوتووە کە دایکی ئەو منداڵە هەمان ئەو جیناتەی هەڵگرتووە، پێدەچێت کە نەوە یان یەکێك بێت لە کچەکانی ئەلبێرت ئەنیشتاین.

ڕوونترین دەریـــــــا

ئاوی سازگاری ڕووبار و دەریاچە و دەریا و زەریاکان، مایەی بیرکردنەوەی قوولّی مرۆڤایەتین، ئاخۆ چۆن ئەو ڕێژە ئاوە لەسەر زەوی و لە ژێرزەویدا هەیە و هەر ڕووبار و دەریایەك جۆر و پێکهاتەی ئاوەکەی جیاوازە، بەڵام ڕوونترین و جوانترین دەریاچە لە جیهاندا بریتییە لە دەریاچەی (شین)، کە دەکەوێتە کەنداوی باشوور لە وڵاتی نیوزیلەندا، ئەو دەریاچەیە دەکەوێتە دوڵێك، لە سەر دەریاچەی نیلسۆنی نیشتمانی، ڕوونیی ئاوی



نەریتە سەیرەکانی گەلانی جیهان لە مانگی ڕەمەزاندا

لەگەڵ هاتنی مانگی ڕەمەزانی پیرۆز، زۆربەی نەتەوەکانی وڵاتانی جیهان بەڕۆژوو دەبن، ئەوەی سەیرە هەر نەتەوەیەك لەو مانگەدا خاوەن دابونەریتێکی سەیر و سەمەرەیە، با لێرەوە ئاشنایان بین: لە کوردستان و چەند خولەکێك بەر لە بەربانگی ئێوارە، تەواوی شوفێرەکان دەبن بە شۆفێری فۆرمولا وەن و فیراری و بە هەموو توانیان لێدەخورن تا دەگەنە ماڵ، لە وڵاتی سوودان، تەواوی کەرەستەکانی خواردن و خواردنەوە تازە دەکرێتەوە و هەروەها هەموو بەیانیان ئافرەتانیان قورئان دەخوێنن و بەربانگی ئێوارەش بە کۆمەڵە و لە گۆڕەپانێگی گەورەدا دەبێت، لە وڵاتی تورکیا لەگەڵ ڕاگەیاندنی یەکەم ڕۆژی مانگی ڕەمەزان، دەست بە گوتنی سروودی ئایینی و بڵاوبوونەوەی بۆنی میسك و عەنبەر و ئاوی گوڵ لە بەردەم دەرگای ماڵ و کوچە و کۆڵانەکاندا دەکەن، لە وڵاتی ئۆزبەکستان، ئاهەنگ بۆ بەربانگ ڕێکدەخرێت و ڕۆژانە لە هەر ئاهەنگێکدا ئاژەڵێك سەردەبڕیت و گۆشتەکەی دەخرێتە خوانی ئەو ئاهەنگە و هەموو کەسێك بۆی هەیە بەشدار بێت، لە وڵاتی ئەندەنوسیا، تەواوی قوتابیان و فەرمانبەران، مۆڵەتی هەفتەی یەکەمی مانگی ڕەمەزانیان پێدەدرێت، تا لەگەڵ کەشی ئەو مانگە خۆیان دەگونجێنن، لە وڵاتی پاکستان، لە شاری بیشاوەر، هەر منداڵێك بەڕۆژوو بێت، ئاهەنگێکی خنجیلانەی بە کۆمەڵی بۆ ڕێکدەخرێت، هەروەها لەو ئاهەنگەدا یاریی شەڕە هێلکەی کوڵاو ئەنجام دەدرێت. لە مالیزیا، شەقام و کۆڵانەکان بە گڵۆپ و فانۆسی ڕەمەزان دەڕازێندرێتەوە و شەوانەش شوێنە گشتییەکان پاك دەکرێنەوە، لە نێجیریا هەر ماڵێك بەشێکی خواردنەکەی دەداتە ماڵی جیرانی خۆی، واتە هەموو ماڵێك بەشێکی خواردنی جیرانەکەی دەخوات، لە وڵاتی مۆریتانیا زۆربەی کەسانی ئایینی سەریان دەتاشن و تەواوی قورئان لە شەوێکدا لەلایەن چەند کەسێکەوە دەخوێندرێت. لە وڵاتی مەغریب لە پارشێودا (٧) جار بووقێکی گەورە لێدەدرێت بۆ بە ئاگاهێنانی خەڵك، لە وڵاتی چینیش نانخواردن لە دوای نوێژکردنە بە پێچەوانەی هەمووان.

ـــــاچە لە جیهان

دەریاچەکە هێندەیە، کە دەتوانی بە چاوەکانت تەواوی ژێرەوە و ناوەوەی دەریاچەکە ببینیت. لە تاقیکردنەوەکانی سەر ئەو دەریاچەیەدا، بۆیان دەرکەتووە کە دەتوانی تا قوواڵیی (٧٠) مەتری ئاوی ئەو دەریاچەیە ببینیت، ڕێگەش بە خەڵك و گەشتیاران نادرێت تا مەلەی تیادا بکرێت، تەنیا زانایان و خاوەن پڕۆژە و توێژینەوەکان بۆیان هەیە نموونەیەك لەو ئاوە ببەن بە مەبەستی لێکۆڵینەوە.

سزای فەرمانبەر و کرێکاران

وڵاتی چین، بە وڵاتی دایکی سەیر و سەمەرە ناسراوە، لەوێ بە ملیۆنان کەس خەریکی کار و ئیشن، زۆربەیان لە کۆمپانیاکان کار دەکەن، لە ئێستادا سزایەکی سەیر لەو وڵاتە دەرکەوتووە، ئەویش سزادانی فەرمانبەران و کرێکارانی سەر بە کۆمپانیاکانن، بەتایبەت ئەوانەی کە تایبەتن بە کەرتی تایبەت و لەلایەن حکومەتەوە رێگەی سزادانی ئەو فەرمانبەرا و کەسانەی پێدراوە کە کار و ئەرکیان پشتگوێ دەخەن، لە دواترین سزاکانی فەرمانبەران و کرێکاران بریتیی بوو لە: رۆیشتن بەسەر دەست لە نێو شوێنە گشتییەکان، خواردنی هەموو ئەو کەرەستە و خواردنە هەڵانەی کە لەلایەن کرێکارانەوە دروست دەکرێت، هەروەها وەستان و درێژبوون بۆ ماوەیەکی زۆر لەبەردەم دەرگای کۆمپانیا و شوێنی کار.

یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێک گەنج دانیشتوون، هەڵەیەکی گەورە لە وێنەکەدا هەیە، هەوڵبدە بتوانی دیاری بکەیت و بزانیت چ جۆرە یارییەک لە وێنەکەدا دەبینیت.



پەند و وتە

نیکۆلا تیسلا، یەکێک بووە لە ئەندازیارانی کارەبا و داهێنەری بواری میکانیکی ئەمریکی، لە ساڵی (١٨٦٥) لە وڵاتی کرواتیا لەدایکبووە و لە ساڵی (١٩٤٣) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕەفتار گوتوویەتی: ڕەفتاری نەشیاو و ناکۆمەڵایەتی، یەکێکە لە هێماکانی زیرەکی لە نێو جیهانی ئەوانەی کە هەمیشە لاساییکەرەوەن.

مل خولاندنەوەی کوندەبوو

کوندەبوو بەوە ناسراوە کە دەتوانێت سەری بە (٢٧٠) پلە بخولێنێتەوە، بەبێ ئەوەی زیانیشی پێبگات، کە ئەو حاڵەتەش زۆر بە ئەستەم دەبینرێت، تەنیا لەو کاتانەی کە کوندەبوو بیەوێت لە دوای نێچیر بێت، یان بۆ حەسانەوەی سەر و ملی ئەو کارە دەکات، وێنەگرێکی بەریتانی بە ناوی (مایلز هێربێرت) ی (٥٣) ساڵ، توانی سووڕانی ملی کوندەبوو بکاتە جوانترین وێنەی فۆتۆگرافییەکانی خۆی، لەو کاتەی سەردانی دارستانی (فریتهام) لە نێو فۆریستی شاری هامشایر دەکات، چاوی بە ئەو کوندەبوویە دەکەوێت و وێنەی ئەو کاتەی سووڕانی ملی کوندووبوویەکە دەگرێت، کە بە خێرایەکی یەکجار زۆرەوە ملی دەسووڕێنێت.

کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هاوکاری کەسانی نزیکت، بۆ تۆ ساماناێکە و قبوولی بکە، هەندێ کات لەخۆبایی دەبیت و ئەوەش بە خراپە بۆت دەگەڕێتەوە. شێوازی بەرێکردنی کارەکانت بەرەو باشتر دەچێ و لەگەڵ هەنگاوەکانت بە، کەسێک چاودێرێت دەکات و دەیەوێت دڵت بۆ خۆی رابکێشێت.

گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لەم کاتەوە تا هەفتەی داهاتوو، بە کێشەیەکەوە سەرقاڵ دەبیت و بێزارت دەکات، یارمەتیدانی ئەو کەسەی لە دڵتە، لە داهاتوودا بە چاکە بۆت دەگەڕێتەوە، هەمیشە بیر لە ڕابردووت مەکەوە، ئەوانەی ڕۆیشتن وازیان لێ بهێنە، دووڵی لە ژیانت و متمانەت بە خۆت بگەڕێنەوە.

جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەرکەکانت ئاسان بکە و ئەوندە بیر لە داهاتوو مەکەوە، ئەو کارەی لە بن دەستە، بەرەو خراپە دەڕوات، واچاکە وازی لێ بهێنیت و دوای ماوەیەکی دیکە هەوڵی بۆ بدەیتەوە، شێوازی مامەڵەکردنت تونڈ و کاتێک بەڵێن بە کەسێک دەدەیت، جێبەجێ بکە و فەرامۆشی مەکە.

قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە بڕیارەکانت پەشیمانیت پێوە دیارە، ناکرێ بیر لە کارێک بکەیتەوە و دواتر فەرامۆشی بکەیت، دیسانەوە بڕیارەکانت بە جوانی بدە و ئەوەی هاتە پێشت بە دڵێکی گەورەو وەربیگرە، ئەو ناکۆکییەی نێوان خۆت و کەسی خۆشەویستت بە دانیشتن و گفتوگۆ چارەسەر دەبێ.

شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

هەر کارێک دەکەیت سەربەستی، بەڵام دەبێ ئەنجامەکانیشی قبوووڵ بکەیت، کەسێک زۆر ناموژگاریت دەکات و تۆش بیرۆکەکانی ئەوت بە دڵ نییە، بەڵام بۆ بەرژەوەندی تۆیە کە ئەو کارەت بۆ دەکات، ئەو کێشەیەی ماوەیەکە بەرۆکت بەرنادات، بەم نزیکانە چارەسەر دەبێ.

گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

تا ئەو کاتەی کارێک ئەنجام دەدەیت، زۆر خەمی پێوە دەخۆی، ناخۆ دەبێ سەربگرێ، یان بۆت نەبێ، پێویست بەو دوودڵییە ناکات، بڕیار لەسەر ژیانت بدە، چونکە نێستا نازانی کامە ڕێگا هەڵبژێریت، پێویستیت بە هاوکاری ئەو کەسەیە کە لە دڵتە تا چارەسەرت بۆت بدۆزێتەوە.

فێلکاری وێنە

لـەم وێنەیـەدا کـە کۆمەڵێـک ژووران، تیایـدا چەندیـن پەلیکانـە هەیـە، هەوڵبـدە لـە مـاوەی (٥٠) چرکـەدا ژمـارەی پەلیکانـەکان بزانیـت و شوێنەکانیشـیان دیـاری

کاریکاتێر

ئـەم کاریکاتێـرە بـاس لـە تێنەگیشـتن و نەگونجانـی نێـوان کەسـانی هەمـان کار و ئـەرک دەکات، کـە ئەوانـەی بـە هەڵـە و بـە بـێ بەرنامـە و پـلان کارەکانیـان ئەنجـام دەدەن، لـە کۆتاییـدا کارەکانیـان بـە هەڵـە و سـەقەتی دەردەچێـت.

بۆ زانیاریت

anarchism - ئانارشیسم

ڕێبازێکـی سیاسـی ناژاوەچیانەیـە کـە لەگـەڵ ئـاوات و قازانجـی چینـی کرێـکار و هەمـوو زەحمەتکێشـاندا ناگونجێـت، لـە بـاری سـەرەنجی کۆنەپەرسـتانەیە، چونکـە لـە پێنـاو گەشـەکردنی کۆمەڵـدا نییـە، ئـەم زاراوەیـە لـە ووشـەی ئانارخیـای یۆنانیـەوە وەرگیـراوە بـە مانـای نەبوونـی ڕابـەر و حکومـەت دەگرێتـەوە هـەر بۆیـە ئانارشیسـتەکان دەوڵەتـی پرۆلیتاریـان ناوێـت لـە هـەر هەلومەرجێـک بێـت و هیـچ حزب و ڕێکخسـتن و ڕێبـازی سیاسـی و بەرنامـەی کاری هـەر حـزب و ڕێکخراوێـک بـە پێریسـت نازانـن. لـە ڕاپەرینـی شۆرشـگێڕانەدا ئەوانـەی لایەنگـری ئانارشیسـم دەکـەن بەربەرەکانێـی ڕابـەری ڕاپەڕینەکـە و ئایدۆلۆژجـی کۆمەڵـە ڕاپەڕیوەکـە دەکـەن. ئـەوان بـە بیانـوی ئـەوەی مـرۆڤ ئـازادە تەنیـا کاری تاکەکەسیـان بـە لاوە پەسـەندە کاری جەماوەرانـە و خەباتـی چینایەتیانـە و ڕاپەڕینـی کۆمەڵایەتیانـە بـە هیـچ دادەنێـن. ئانارشیسـم هەمیشـە بـەر پەرچـی ڕاپەرینـی خەڵـک و یەکێتـی نێـوان خەڵـک دەداتـەوە هـەوڵ دەدات چینـی کرێـکار لەسـەر پەیامـی مێژووی خۆی بگێڕێتـەوە دواوە لـە جیاتـی ڕێکخسـتن و یەکگرتـن و دوبـەرەکایەتـی و ئـاژاوە دەنێتـەوە. ڕێبـازی ئانارشیسـم وەک ڕێبازێکـی سیاسـیانە مـاوەی ١٠٠ بـۆ ١٥٠ سـاڵ لەمەوبـەر لـە ئەورووپـا پەیـدا بـوو کەسـانی وەک (ئاشـتیرنر و پـرودون و باکونیـن) ڕابـەریان دەکـرد دانەرانـی تیـۆری سوشیالیسـتی زانسـتی بـۆ دروسـت کـردن و دامەزراندنـی ڕێکخـراوی سیاسـی کرێـکاران گەلێـک لەگـەڵ نوێنەرانـی ئـەم ڕێبـازە کەوتنـە مشـتومڕەوە گەلێـک بەربەرەکانییـان دەکـردن. گووتوبانـە: ئانارشیسـتەکان چینـی کرێـکار بـۆ سـەرمایەدارەکان دەسـتەمۆ دەکـەن جگـە لـە چەنـد ووشـەیەک لـە بـاری بەرهـەم وەرگرتنـەوە هیچـی تریـان فێـر ناکـەن ئەویـش یـێ ئـەوەی لـە ریشـە و هۆیەکانـی بگـەن باوەڕیـان بـە خەباتـی چینایەتـی نییـە.

نـوکتـه

یەکێـک بـۆ جـاری یەکەمـی دەیێـت دەچێتـە سـینەما، لـەو ڕۆژە فیلمـی گا سەرشـێتەکان نمایـش دەکـرا کـە بـە نـاو خەڵـک دەکـەوت، کەسـەکە کاتـی دیمەنـی گایەکـە دەبینـێ، دەترسـێ و بـە خەڵـک دەڵـێ: ئـەو گا سەرشـێتە نێسـتا بەنـاو هەمووماـن دەکەوێـت، خەڵکەکـەش دەڵێـن: ئـەوە سـینەمایە. ئەویـش دەڵـێ: دەزانـم ئـەوە سـینەمایە، بـەڵام ئـەو گا سەرشـێتە چووزانێـت فیلـم و سـینەما چییـە.

نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لـەم کاتـەدا ناتوانـی کێشـەکانت هەمـووی چـارە بکـەی، ئەوانـەی تایبەتـە بـە خـۆت و کەسـی خۆشەویسـتت، نێسـتا چارەیـان بکـە و ئەوانـی دیکـەش بـۆ کاتێکـی دیکـەی دابنـێ، متمانـەت بـە خـۆت نەمـاوە و بیـر لـە کارەکانـت ناکەیتـەوە، وادەزانـی کـە هیچیـان لـە دەسـت خـۆت نیـن، دووبـارە ڕێکیـان بکـەوە و بـەردەو باشـی دەچێـت.

گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕێگـری لـە ڕێـڕەوی کارەکانـت مەکـە، بەتایبـەت ئەوانـەی لـە دەسـتە خـۆت نیـن، کەسـێك دەیـەوێ نیازێکـت بـۆ دەربـکات، تـۆش ڕێگـەی نـادەی، هەمیشـە بیـرت لـە لای نێسـتات بێـت و پەلـە مەکـە بـۆ داهاتـوو، ئـەو گرفتـەی ڕابـردووت زیانی پێگەیانـد و لـە بیـری بکـە، دووریـش بکـەوە لـە ڕەشـبینی.

گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئـەو کاتـەی بێـزاری دەتگرێـت، پێریسـتە نـاکات کەسـانی دەوروبـەرت هەسـتت پێبکـەن، وادەزانـن گرفتـی خـۆت هەیـە و بۆیـە بیـزارت دەکـەن لەگـەڵ قسـە و چـی بـووە، ئـەو ناواتـەی لـە دڵتـە نێسـتا کاتـی خۆیەتـی کـە سـاڵانێکە دەتـەوێ جێبەجـێ بکەیـت، کەسـێکت بـە دڵـە و لێـت دوورە و لـەم ماوەیـە نزیـك دەبـن.

کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

قسـەی کەسـانی دیکـە وەربگـرە و ئەگـەر پیرۆکـەی ئەوانیشـت پـێ بـاش نەبـوو، تەنیـا گوێگـر بـە، ئـەو کەسـەی ماوەیەکـە بیـزارت دەکات، لـە داهاتـوو دەیێتـە دۆسـتێکی نزیکـت، هـەر کاتێـك پێویسـتیت بـە یارمەتـی دەیێـت، سـەرەتا لـە کەسـانی نزیکـت داوا بکـە، دواتـر لـە هاوڕێـی دوورت.

دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

کاتێـك کەسـێك نەێنییەکـت لـەلا بـاس دەکات، چاکتـرە بیپارێزیـت و بـە کەسـی دیکـەی نەڵێیـت، چونکـە قسـە بـۆ خـاوەن نەێنـی دەگەڕێتـەوە، کـە کێشـەت دەبـێ، ئەوەنـدە خـۆت ئـازار مـەدە و هێمـن بـە، چونکـە کێشـەکان چارەسـەریان هەیـە، ئەگـەر تـۆش هەوڵـی چارەسـەری بدەیـت زووتـر چـاك دەبـن.

شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

پێشـبینیی کارەکانـت مەکـە و لەگـەڵ ئەنجامـەکان ڕێگـە بگـرە، ئـەو هەوڵـەت داوە بـۆ ئـەو کارەی نێسـتات، باشـترە بـۆ ماوەیەکـی دیکـە دوای بخەی، هـەر بیرۆکەیەکـت بـۆ هـات، مـەرج نییـە جێبەجـێ بکەیـت. دەتوانـی بـۆ ماوەیـەك لـە کەسـە نزیکەکانـت نزیکتـر ببیتـەوە، تـا ئەنجامـی پەیوەندییەکانـت بزانیـت.